# منالّی ڕوخسارم منالّ کەرەوە

ئومێد محەمەد   بۆرۆس   سووید

**Omed954@hotmail.com**

منالّێک بووم
زوو خۆم دایە دەست گەورە بوون
بەقەدی منالّیمەوە
زەمەنێکی کورت مامەوە
ئەو دەمانەی
مالّەکەمیان کردە شەڕگە
من سروودی
ئاشنا وەرە یەم
ئەڕژاندە نێووهزرمەوە
ئەو زەمەنەی
پیاوەپچکۆلەکان
چەپلّەیان دەکوتی
منیاخەکەمم ئاوئەدا
تا گولّ بگرێ
خەریکی چاو ڕەش کردنی
ووشەکانم بووم
لەوێ لێووی شیعرەکانمم سوور دەکرد
ڕۆژانی هەینیشم دانابوو
بۆ دیتنی هاوڕێکانم
ئێوارانیش سلێمانی ئەی ڕژاندمەنێو
خۆیەوە
ئەو کات سەرم
ئازاری جەنگ سپی نەکرد بوو
هاوکێشەکان نەشێوا بوون
مارشالّە کۆنەکان
نەڕژا بوونە سەرشەقام و
قسە قۆڕەکانیان
دیواری شاری پڕ نەکرد بوولەشەرم
ئەو کات وەک ئیستا
جگەرە
حەزەکانی نەدەکوژاندەوە
منالّی
ئەی خۆشترین
ساتەکانی بێگەردی
ئەی سادەترین
ماناکانی ژیان
دەمەوێت بگەڕێمەوە
سنووری گەورەبوون نایەلّێ
ئەزانم
ئەم دەردە دەم باتە
لێواری کەشتێکانی نەگبەتی

دەم باتە نێو ماڵەکانی پڕی
حەو سەڵەی چوونە بەربارانم نایەڵێ
نامەوێ گەورە بوون
پڕم کە لەوەرزی بەرائەتی خۆت
پڕ پڕی لە بەرائەت
تۆ بەمیهرترین ئەو وەرزەی
تاکەکان پێکەوە کۆ دەکەیتەوە
گەورەبوون تۆ ڕەق ترین ئەو وەرزەی
کەکۆکان دەکەیتە تاک و
تاکەکان بەخەم دەکوژی

2005-9-1